کاک عومەر

ئەم کاتەت باش

براکەم:

ویستم تێبینییەکی خۆمت بۆ بنووسم، ئەویش ئەوەیە، کە تۆ بۆ هەموو نووسینێک بڵاوی دەکەیتەوە، لە خوارەوە دەنووسیت: (مەرج نییە ئەو نووسینە لەگەڵ بۆچوونی نەتەوایەتیماندا بێت و. . . . کە بۆچوونی کوردستان نێت نییە. . . . و. . . . . . . . . . . هتد)

بە ڕای من ئەمە هەڵەیە. . . چونکە مەرج نییە هەموو نووسینێک لەگەڵ ڕاو بۆچوونی ئێوە نەبێت یان بە چێچەوانەوە. ئەوەی من لەسەر تورکمانەکان نووسیومە پێویست ناکات وا نیشان بدرێت کە ئەمە ڕای کەماڵە و هەڵوێستی تۆ یان کوردستان نێت نییە. . . ئەگەر پێچەوانەی ئەو ڕاست بێت ئەوە ئیتر پێویست ناکات بڵێیت کە (لەگەڵ بۆچوونی نەتەوایەتیماندا) ناگونجێت. . . ئەو کاتە ئەم زاراوەیە دەبێتە وشەیەک و تەنها دەبێت خۆت کاری پێ بکەیت. ئەوەی من نووسیومە لە سەر زمانی خەڵکییەوەیە کە من لە سلێمانی دەیگێڕمەوە. . . لێرەدا بەو تێبینییەت وا لە خوێنەر دەگەیەنیت کە تۆ یان وەک یەکێتی یان وەک تورکمانەکان دژی ئەو نووسینەیت. تۆ نابێت ئەو پاشکۆیە بۆ هەموو نووسینێک دابنێیت. دەشێت لە یەکەم لاپەڕەی سایتەکەدا ئەمە بۆ هەڵوێستی خۆت و کوردستان نێت هەر لە ناو سایتەکەدا بنووسیت، بەڵام لە دوای هەموو نووسینێکدا جایز نییە.

تکایە چاوێک بەم نووسینەی مندا بخشێنەرەوە و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. ئەم نووسینەشم بۆیە بۆ ناردیت و حەزم کرد تۆش لە کوردستان نێتدا بڵاوی بکەیتەوە، چونکە زۆر کەس لە سلێمانییەوە ئاگاداریان کردوومەتەوە کە چیترە هەمان بابەت تەنها لە کوردستا پۆستدا بڵاونەکرێتەوە، با ئێوەش لێی بێبەش نەبن. بە تایبەتی چەند هۆیەکی دیکەیان بۆ باسکردم کە ناشێت لێرەدا باسی لێوە بکەم. ئەم تێبینییەی من دەتوانیت بیخەیتەڕوو لە کوردستان نێتدا بڵاوی بکەیتەوە تا خوێنەرانیش ڕای خۆیانی لە سەر دەربڕن.

کەمال جەمال موختار

www. kurdistanpost. com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15